# یەکگرتوو، ئۆپۆزسیۆنێکی دەستەمۆ ! *

ئاسۆعەبدوللەتیف

باوەڕێکی فریودەرانەیە وا هەستکەین تەوژمی ئیسلامی سیاسی میانرەو کە یەکگرتوو پێشرەوایەتی دەکات لەناو بەرگی ئیخواندا لە 1994/2/6 دروست بووبێ لە کوردستان، بە گەرانەوەیەك بۆ مێژووی یەکگرتووی ئیسلامی و پیاوە دینیەکانی ناوی دەگەینە ئەوەی یەکگرتووی ئیسلامی مێژوەکەی کۆنە، مێژووی ئەم دەم و چاوە پیرو موحافیزکارانەی یەکگرتوو هەرگیز 13 ساڵ نییە بگرە 54 ساڵە ، ساڵی1935 ئیخوان وەك بزوتنەوەیەکی شەرمن هاتە عیراق و م.ئەمجەد زەهاوی بوویە رابەرومحمد سەواف جێگرو لە ساڵی 1953 شدا بیری ئیخوانگەرییان لە تویێشەبەرەیەکدا لەژێرناوی(جمعية الانقاذ فلسطين)هێنایە کوردستان و هەڵەبجە، ئەو توێشەبەرەشیان تەسلیم بە م. ساڵحی گەورەو م. عوسمان عەبدولعەزیز و م.عەبدولعەزیز پارەزانی و م. عومەر رێشاوی و م.عەبدوللەتیف بامۆکی کرد،خاڵێك کە زۆر جەوهەرییە لەم رەوتەدا مەسەلەی خۆخواردنەوەیەتی بۆ کورسی دەسەلأت لەرێگەی چەقۆی جەماوەرەوە نەك چەك، ئەم هێزە دینی و بزاوتە نەرمڕە گەر بیویستایە لە سەروبەندی عەهدی مەلەکیەت و دەوری قەومیەکان و دەسەلأتی عارفەکان و سەدام، دەیتوانی بە هێزە شاراوەکەی گۆرانێك بخوڵقێنێ، بەلأم شەرم و ترسی برایان نەیهێشت، لە نەهامەتیەکانی کوردیشدا بەحوکمی ئەو مەددە عەرەبیە زاڵە دژ بە کورد خۆیان خستە سووری مت بوون تا هیچ هاوکاریەکی شۆرشی مەلا مستەفای بارزانی نەکەن،ئێستاشی لەگەڵدابێت شەرمنی و بێدەنگی یەکگرتوو خەونی سەدان کادیرو ئەندامی ئەم حیزبەی لە گۆڕناوە، ئەگەرچی یەکگرتووی ئیسلامی هەندێك جار تاکتیکیانە هەوڵ ئەدات توند مامەڵە بکات و چاو ببرێتە دەسەلأت بەلأم بۆی ناکرێت چونکە زەمینەی ئۆپۆزسیۆنی فیعلی لای یەکگرتوو غائیبە، لەماوەی ئەو 13 ساڵەش کە یەکگرتوو ناوی لێناوە ئیعلان وچەند کورسیەکی پەرلەمان و وەزیرێکیشیان هەیە دەیانجار لە لایەن یەکێتی و پارتیەوە روشکێنکراون و خەڵك و ئەندامیان زیندانی کراوەو شەهیدیان داوەو بەستراون بە سەهۆڵەوەو مزگەوتیان بەروودا قوفڵکراوەوبارەگاو تیڤییان داخراوە،کەچی نەك هەڵوێستێکی مەبدەئیان وەرنەگرتووە دواجار بە زەردەخەنەیەکی پارتی و یەکێتی هاوسەنگییان بۆ گەراندونەتەوەو قبوڵیشیان بووە، بەم کارە یەکێتی و پارتی بەپێدانی چەند ئیمتیازێکی فریودەر توانیویانە رۆحی دەعەوی و جیهاد لە یەکگرتوودا بکوژن و کوێری بکەنەوەو ئەو چەمکەش کە ناوی ریفۆرم و ئۆپۆزسیۆنە لای یەکگرتوو هەڵوەشێننەوەو بیکەنە نوکتە، یەکگرتوو لەو 13 ساڵەدا کە هەمیشە خۆی بە رێبەری ئۆپۆزسیۆن و نەهێڵانی گەندەڵی ئەزانی بە چەند کورسیەك لە خاچیاندان و ئێستا زۆرێ لە ئەندامانی (سەرەوە)ی یەکگرتوو نەك هەر بیریان ناچێ بەلای کاری ریفۆرم و نەهێشتنی گەندەڵیدا بەڵکو خۆیان بوونەتە بەشێك لەوگەندەڵیە و لەبری خاکی بوون و دەرخستنی راستیەکان سەرگەرمی ژیان و بازرگانی خۆیانن و ناوی زۆرێکیش لە ئەندام مەکتەب سیاسی یەکگرتووم لایە کە چۆن لە هەولێر ئەرزەی 600 مەتریان وەرگرتووەو کڕیوەو بە ملیۆنان دۆلار دەیکەنەوە بە قەسر بە ئەمینداری یەکگرتووی ئیسلامیشەوە، ئیتر با خەڵکیش هەر هاواری بێ و ئەندامانی (خوارەوە)ش هەر ئیستیقالە ریزبکەن..حەیفێ کە یەکگرتوو بوویە ئەو جۆرە ئۆپۆزسیۆنە دەستەمۆیە!

* ئەم ووتارە لە ژمارە 55 ی هەفتەنامەی ئاوێنە لە گۆشەی پەنجەرەدا بلأوکراوەتەوە.